# زانیاریی سەرەتایی

## لەبارەی کاروباری پەنابەری

تۆ داوای پەنابەریت پێشکەش کردووە و ئێستا لە قۆناخی

**<u>پرۆسەی پەسەندکردن</u>**

دا یت، و لەم قۆناخە دا لەبارەی ڕێگای هاتنت و زانیاریە گرنگەکانی تر پرسیارت لێ دەکرێت.

### کورتەی پرۆسەکە

1.) تۆ لە ئاوستریا داوای پەنابەریت کردووە، لای ئەفسەرێکی پۆلیس یان بەرپرسێکی ئاسایش.

2.) ئەگەر داوای پەنابەریت پێشکەش کردبێت، پۆلیس لەبارەی ناسنامەت و ڕێگەی هاتنت پرسیارت لێ دەکات.

3.) تەنیا دوای ئەوەی کە پۆلیس پرسیارت لێ دەکات داوای پەنابەریی تۆ وەکوو پێشکەشکراو هەژمار دەکرێت لەڕێگەی فەرمانێکی نووسینگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران کە دەستوور دەدات تۆ بگوازنەوە بۆ ناوەندێکی وەرگرتنی سەرەتایی یان نووسینگەیەکی سەرەکی لە ناوچە، یان بتسپێرن ناوەندێکی خۆشگوزەرانیی دیاریکراو. تۆ مافی ئەوەت هەیە کە بەخۆڕایی بتگوازنەوە بۆ ناوەندی خۆشگوزەرانیی دیاریکراو. ئەم گواستنەوە خۆڕاییە یەکێک لەو بێنەفیتانە یە کە لە چوارچێوەی چاودێری و خزمەتی سەرەتایی دا دابین دەکرێن. تۆ مافی ئەوەت نیە کە ناوەندێکی خۆشگوزەرانیی فیدراڵی تر یان لە پارێزگایەکی فیدراڵی تر، چاودێری و خزمەتگەلی سەرەتایی وەربگریت. تەنیا لەم قۆناخە دا جێبەجێکردنی کاروباری پەنابەری دەست پێ دەکات. ئەگەر دوای ئەوەی کە فەرمانگەی تۆمارەکانی پۆلیس پرسیار و گەڕان و لێکۆڵینەوەی لەسەر تۆ ئەنجام دا، نەتگوازنەوە بۆ ناوەندی وەرگرتنی سەرەتایی، وا دادەنرێت کە داوای پەنابەریی تۆ پێشکەش کراوە. ئەگەر تەمەنت کەمتر لە 14 ساڵ بێت و نەزانیت باوک و دایکت لە کوێن، داوای پەنابەریی تۆ تەنیا دوای پەسەندکردنی لە ناوەندی وەرگرتنی سەرەتایی بە ئامادەبوونی ڕاوێژکاری یاسایییت وەکوو داوایەکی وەرگیراو هەژمار دەکرێت.

تکایە **هەموو ئەو بەڵگانەی کە لەگەڵ خۆت هێناوتە** پێشکەش بکە – ڕەنگە کارمەندانی ئێمە کە هاورەگەزی خۆتن نێو جلوبەرگ و باروبنەی تۆ بگەڕن.

**پەنجەمۆری** تۆ وەردەگیردرێت بۆ ئەوەی ناسنامەت ڕوون بکرێتەوە و دیاری بکرێت کە ئایا ئاوستریا بەڕاستی بەپرسیارە لە جێبەجێکردنی کاروباری پەنابەریت یان نە.

لە ماوەی سێ (3) ڕۆژ دا کارتێکی سەوزی کاروباری پەنابەریت پێ دەدرێت مەگەر کاروباری پەنابەریت بەرلە دەرکردنی کارتەکە پەسەند بکرێت؛ لەم حاڵەتەدا، کارتی مافی نیشتەجێبوونت پێ دەدرێت بەپێی مادەی 51 لە یاسای پەنابەری (AsylG) (کارتی سپی).

4.) لە ماوەی پرۆسەی پەسەندکردن دا – مەگەر کەیسەکەت پێشتر پەسەند کرابێت – لانیکەم یەک جار پرسیارت لێ دەکرێت لەلایەن ئەو کەسەی کە لەبارەی داوای پەنابەریت بریار دەدات. کاتێک کە دەچیت بۆ لای بەرپرسان بۆ ئەوەی پرسیارت لێ دەکەن ڕەنگە لایەنێکی سێیەمی جێمتمانە و نوێنەرێک لەگەڵت بێن. کاتێک لە پەنابەرانی ژێر 18 ساڵ پرسیار دەکرێت، دەبێت نوێنەرێکی یاسایی لەوێ ئامادە بێت.

5.) پرۆسەی پەسەندکردنی تۆ ڕەنگە بەم شێوەی خوارەوە کۆتایی بێت:

ئەگەر لە درێژەی لێکدانەوەی کەیسەکەت دا دەرکەوێت کە ڕەنگە بکرێت وڵاتێکی تر (وڵاتێکی سێیەمی ئەمن) تۆ لە ئازار و ئەشکەنجە بپارێزێت یان ئەو وڵاتەی تر شیاوی ئەوە بێت کە داوای پەنابەریت لێک بداتەوە و ئەگەر، لە ئاکامی ئەمە دا، بەرپرسیان بیانەوێت داوای پەنابەریی تۆ لە ئاوستریا **ڕەت بکەنەوە** یان لەبەر هەر هۆکارێکی تر **قەبووڵی نەکەن**، ئەوا لە پێشەوە ئاگادارت دەکەنەوە و ڕاوێژکارێکی یاسایت بۆ تەرخان دەکرێت کە ئامۆژگاریت دەکات و لە **پرسیارلێکردنەکانی دواتر** دا ئامادە دەبێت. بە زووترین کاتی مومکین لەبارەی کەیسەکەت بڕیار دەدرێت.

دوای ئەم دیمانەیە، بەم شێوازەی خوارەوە لەبارەی کەیسەکەت بڕیار دەدرێت:

- داواکاریەکەت پەسەند ناکرێت: نامەی ڕەتکردنەوە بە دەستت دەگات. ڕەنگە پاراستنی تۆ لە ناردنەوەی بە زۆر کۆتایی بێت.
- داواکاریەکەت پەسەند دەکرێت: کارتێکی مافی نیشتەجێبوونت پێ دەدرێت و ڕەنگە بتسپێرن بە ناوەندێکی خۆشگوزەرانی – کە ڕەنگە لە پارێزگایەکی فیدراڵی تر بێت. لە وەختێکی تر لە بنکەیەکی سەرەکیی نووسینگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران لە ناوچەکە لەسەر داوای پەنابەریت بڕیار دەدرێت.

ئەگەر ئەگەری ڕەتبوونەوەی داوای پەنابەریت کەم بێت، ئەوا، **کەیسی پەنابەریت** دەبێ بەگشتی **پەسەند بکرێت**، و پاشان لەبارەی بنەمای داواکاریەکەت (هۆکاری هەڵهاتنت) بڕیار بدرێت. بەڵام ئیمکانی ئەوەیش هەیە کە بڕیار لەسەر بنەمای کەیسەکەت لە قۆناخی پرۆسەی پەسەندکردن دا بدرێت. ئەگەر کەیسی پەنابەریت پەسەند بکرێت **کارتێکی مافی نیشتەجێبوون** بە تۆ دەدرێت کە بەڵگەی یاساییبوونی نیشتەجێبوونی تۆ لە ئاوستریا یە. دوای ئەوە ڕەنگە بتسپێرن بە ناوەندێکی خۆشگوزەرانی – کە ڕەنگە لە پارێزگایەکی فیدراڵی تر بێت. لە وەختێکی تر لە بنکەیەکی سەرەکیی نووسینگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران لە ناوچەکە لەسەر داوای پەنابەریت بڕیار دەدرێت.

ئەگەر **بتەوێت بگەڕێیتەوە** بۆ وڵاتی خۆت، لە هەر کاتێک و لە هەر قۆناخێکی پرۆسەکە دا دەتوانیت لەبارەی ئەم بابەتە ئامۆژگاری و ڕێنمایی وەربگریت. دوای وەرگرتنی زانیاری لەبارەی ئەوەی کە داوای پەنابەریت بە ئەگەری زۆرەوە ڕەت دەکرێتەوە، یان کاتێک نووسینگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران بڕیاری ناردنەوەت دەدات، تۆ ناچاریت لە کۆبوونەوەی ئامۆژگاری سەبارەت بە ناردنەوە بەشداری بکەیت.

## زانیارییە گرنگەکانی تر:

- ئەگەر **داواکاریی دووبارەت** پێشکەش کردبێت (واتە داواکاریەکی تر دوای ئەوەی کە بڕیارێکی یاسایی ڕەوا لەسەر داواکاریەکەت دراوە)، هەندێ مەرجی یاسایی تایبەت بۆ کەیسەکەت بە کار دەهێنرێت. نامیلکەیەکی تایبەت بە ئەمە هەیە کە هەموو وردەکاریەکی تێدا یە.

- ڕاوێژکارانی یاسایی سەربەخۆ لە ناوەندی وەرگرتنی سەرەتایی هەن کە لە ماوەی پرۆسەی پەنابەری دا ئامۆژگاریت پێ دەدەن. ئەگەر بتەوێت دەتوانیت پەیوەندییان پێوە بکەیت. هەروەها، دەتوانیت نوێنەری یاسایی (پارێزەری)ی خۆت خۆت بە کار بهێنیت.
ڕاوێژکاری یاسایی کەسێکی زانا و شارەزا لە بابەتە یاساییەکانی تایبەت بە کاروباری پەنابەران و پرۆسەی پەنابەریە. ڕاوێژکاری یاسایی بەشیوەیەکی بێلایەن و سەربەخۆ نوێنەرایەتیی تۆ دەکات و لەبارەی بابەتە یاساییەکان ئامۆژگاریت پێ دەدات. جگە لەمە، ئامۆژگارانی یاسایی سوێندی فەرمییان خواردووە کە لە پیشەی خۆیان دا ڕازدار و نهێنیپارێز بن.

- لەبەر هۆکاری جۆربەجۆر ڕەنگە لە ناوەندی **دەستبەسەرکردن بۆ دیپۆرتکردن** ڕاتبگرن بۆ ئەوەی پرۆسەکە ئەو جۆرەی کە پێویستە جێبەجێ بکرێت.
ئەگەر لە ناوەندی دەستبەسەرکردن بۆ دیپۆرتکردن ڕاتبگرن، یەکێک لە کارمەندانی نووسینگەی فیدراڵ بۆ کاروباری بیانیەکان و پەنابەران پەیوەندیت پێوە دەکات لە شوێنی دەستبەسەرکردن یان لە ناوەندی وەرگرتنی سەرەتایی پرسیارت لێ دەکات. لە شوێنەکانی دەستبەسەرکردنیش تۆ دەتوانیت ئامۆژگاریی یاسایی وەربگریت.

- ئەگەر تەمەنت ژێر 18 ساڵە و نازانیت ئێستا باوک و دایکت لە کوێن، دەستبەجێ پێمان بڵێ. دوای ئەوە لە سەرتاسەری پرۆسەی پەنابەری دا ڕاوێژکارێکی یاسایی نوێنەرایەتیت دەکات هەتا کاتێک کە دەتسپێرن بە ناوەندێکی خۆشگوزەرانی. هەرکاتێک لە تۆ پرسیار بکرێت، ڕاوێژکاری یاساییش لەگەڵت دەبێت.

- ئەگەر کێشەی پزیشکی یان دەروونیت هەیە، زۆر گرنگە کە دەستبەجێ بە پزیشکێک یان ڕاوێژکارێکی یاسایی بڵێیت.

- ئەگەر هۆکاری ترسی تۆ لە ئازار و ئەشکەنجە لە وڵاتی خۆت، دەستێوەردان لە بڕیاری تۆ لەبارەی مەیل و خواستی سێکسیتە (بۆ نموونە ئازاردانی سێکسی)، تکایە دەستبەجێ پێمان بڵێ. دوای ئەوە، یەکێک لە کارمەندانی ئێمە کە **هاوڕەگەزی خۆتە** پرسیارت لێ دەکات – مەگەر تۆ نەتەوێت.

- ئەگەر دەتەوێت بە ئەمنیەت و ڕێزەوە **بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت**، لە هەر کات و قۆناخێکی پرۆسەی پەنابەریت دا دەتوانیت لە ئامۆژگاریی تایبەتی ئەو کەسانەی کە دەگەڕنەوە سوود وەربگریت. ئامانجی ڕاوێژکاری لەبارەی گەڕانەوە ئەوە یە کە داهاتووت لە وڵاتی ئاوستریا و وڵاتی خۆت ڕوون بکاتەوە. ئەگەر تۆ پێشنیار گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆت قەبووڵ بکەیت، دەتوانیت یارمەتیی داراییش وەربگریت.
ئەگەر پێویستت بە زانیاریی زۆرتر هەیە سەبارەت بە ئەو ێکخراوانەی کە بۆ گەڕانەوە یارمەتی دابین دەکەن، تکایە لەگەڵ ڕاوێژکارێکی یاسایی (لە ناوەندی وەرگرتنی سەرەتایی) یان یەکێک لە کارمەندانی ئێمە قسە بکە.

- کۆمیسیۆنەری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR):
هەروەها لە هەر قۆناخێک دا دەتوانی پەیوەندی بکەیت بە کۆمیسیۆنەری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR):
Postfach 550, 1400 Wien؛ ژمارە تەلەفۆن: 01/26060/4968 (فەرمانگەی یاسایی)؛ فاکس: 01/2634115؛
ئیمەیل: ausvi@unhcr.ch؛ ئینتەرنێت: www.unhcr.at.
بەڵام تکایە ئەوەت لە بیر نەچێت کە UNHCR لە ئاوستریا خزمەتی ئامۆژگاریی تاکەکەسی پێشکەش ناکات.

- **پەیوەندیکردن**
Tuchlauben 12, A-1010 Wien **www.rechtsanwaelte.at**، تەلەفۆن: 75 12 535 (1) 43+

- ئەگەر هەر پرسیارێکی ترت هەبێت، کارمەندانی ئێمە بە خۆشحاڵیەوە ئامادەین یارمەتیت بدەن.